ئالان محەمەد



# دڵێکی شکاو لە دۆزەخدا

# دڵێکی شکاو لە دۆزەخدا

**ئالان محەمەد**

لەسەر لێواری پردێک لە دۆزەخ وەستابوو، سەیری خوارەوەی کرد و دەریایەک لە ئاگری بینی، ئاگرێک کە هاواری بۆ دەکرد و دەیەویست بەرەو لای خۆی ڕایکێشێت، ئاگرێک کە هەموو ڕۆژێک بە گڕە سووتێنەرەکەی پێستی ئەوی لە لاشە جیا دەکردەوە و ئێسکەکانی دەکووڵاندن. بێ ئەوەی هیچ کەسێک ناچاری بکات، ئەوا هەموو ڕۆژێک خۆی فڕێ دەدایە ناو ئاگرەکە و خۆی دەکوشت. ئەوەی جێی سەرنج بوو کە سەرەڕای ئەو هەموو ئازارە زۆرە هاواری نەدەکرد، هیچ جۆرە نیشانەیەکی ترس یان ئازاری پێوە دیار نەبوو، ئەمەش ئاگرەکەی توڕە کردبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ ئاگرەکە توندتر و توندتر دەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو سزایە هەتاهەتاییەی لەسەر قورستر دەکرد، بەڵام ئەمانە بێ سوود بوون، چونکە هەرگیز هاواری نەکرد، هەرگیزیش نەپاڕایەوە. دوو سەد و سێ ساڵ بەسەر بوونی لە دۆزەخدا تێپەڕی، دوو سەد و سێ ساڵ بەرگەی ئەو ئازارەی گرت کە لەچاو ئازاری ڕاستەقینەی ناخی هیچ نەبوو. دوای ئەوەی بۆ ڕۆژی دواتر زیندوو بۆوە و دووبارە خرایەوە سەر پردەکە، ئەوا خەریک بوو دووبارە خۆی فڕێ بداتەوە ناو ئاگرەکە کە لەپڕ یەکێک قۆڵی گرت. ئەوەی بەلاوە سەیر بوو، تاکو ئێستا هیچ کەسێک یان فریشتەیەک نەبوو بێتە لای و ڕێگری لێ بکات، بۆیە بە سەرسامییەوە ڕووی لەوە کرد کە قۆڵی گرتبوو. سەرەتا خەریک بوو چاوەکانی بسووتێن چونکە ڕووخساری ئەو بە ڕادەیەک گەشاوە بوو کە لە ڕۆشنایی ئەستێرە کۆنەکانی گەردوون دەچوو، بۆیە ڕووی لە خوارەوە کرد و چاوەکانی داخستن تاکو نەسووتێن، سەری هەر بە نزمی هێشتەوە تاکو لە کۆتاییدا ڕۆشنایی ڕووناکی ئەو کەم بۆوە، کزی کرد و کرد تاکو لە کۆتاییدا هیچ ڕووناکییەک بوونی نەما. کە هەستی بەوە کرد، ئەوا چاوەکانی کردنەوە، بۆ چەند ساتی سەرەتا هیچی نەبینی جگە لە لێڵییەکی سپی، لێڵییەک کە لە پەرەیەکی سپی پاک دەچوو، هۆکاری ئەمەش بۆ کاریگەری ڕووناکییەکە دەگەڕایەوە کە چاوەکانی ئەوی ئازار دابوو. دوای ئەوەی کە لێڵییەکە نەما و چاوەکانی گەڕانەوە سەر باری ئاسایی، ئەوا لە کۆتاییدا ئەو کەسەی بینی کە قۆڵی گرتبوو، باوەڕی بەوە نەکرد کە کێی بینی. بیلبیلەی چاوەکانی فراوان بوون، دڵۆپەی بچووکی فرمێسک دەستیان کرد بە هاتنە دەرەوە، ئەو دڵۆپانەی کە دواتر وەکو کانیاوێک بەسەر ڕوومەتیدا هاتنە خوارەوە و بەر گڕی ئاگری ژێر پێیەکانی کەوتن. لێوەکانی دەلەرزین، ویستی شتێک بڵێت، بەڵام لەرزینی لێوەکانی ڕێگری لە چوونە دەرەوەی وشەکان کردبوو، توانستی قسەی نەبوو.

لە کاتێکدا کە هێشتا قۆڵی لەناو دەستی ئەودا بوو، ئەوا لێی نزیک بۆوە، دەستی ڕاستی بۆ لای سەری بەرز کردەوە و لەسەر ڕوومەتی دانا، لە ژێر چاوەکانی، ئەویش ڕووخساری خۆی نوقمی ناو دەستی ئەو کرد، هەستی کرد کە ئەو ڕووخسارەی ناو دەستی وەکو ئاوریشم نەرم بوو، نەرمییەک کە لەو دۆزەخەدا هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد جارێکی تر هەستی پێ بکاتەوە. دەستی لابرد و بۆ لای پشتەوەی ملی ئەوی درێژ کردەوە، دواتر لە خۆی نزیک کردەوە تاکو ناوچەوانیان بە نەرمی بەریەک کەوت. ویستی دڵنیابێت کە خۆیەتی، بۆیە لێوەکانی لە لێوەکانی ئەو نزیک کردەوە و ماچی کرد، ماچێکی وەها پڕ جۆش و خۆشەویستی کە چەندین سەدە بوو لە بوونی ئەو دوور بوو. کە زانی خۆیەتی، ئەوا کەوتە گریان، گریانێک کە خەریک بوو وای لێ بکات بکەوێتە سەر ئەژنۆیەکانی.

"ئەمە... ئەمە خۆتیت، بـ... بەڕاستی خۆتیت!". وشەکانی بە بڕگە بڕگە دەگوت، بە ئەستەم دەیتوانی ڕستەیەک ڕێک بخات، قورگی بە هۆی گریانەوە گیرا بوو.

"بمبوو... رە، د... دە... بوایە تۆم پاراستبا... دەبـ."...

نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، کەوتە سەر ئەژنۆیەکانی، دواتر دووبارە باوەشی پێدا کردەوە.

"بم... بمبوورە ئازیزەکەم."

ئەوەی داوای لێبووردنی لێ دەکرد هاوسەرەکەی بوو، ئەو هاوسەرەی کە لە دونیادا لەسەر دەستی چەند دزێک لە بەردەم ئەودا کوژرا، ئەو هاوسەرەی کە هەر لەگەڵ کێشرانی ڕوحی بە بەهەشتی بەرین گەیشت و چاوەڕێی هاتنی ئەوی کرد. چەندین سەدە چاوەڕێی هاتنی مێردەکەی کرد، چەندین سەدە لە دەروازەکانی بەهەشت ڕاما تاکو هاتنی ئەو ببینێت و پێی بگاتەوە، بەڵام هەر نەهات. دوای ئەوەی کە چیتر نەیتوانی چاوەڕێ بکات، ئەوا ڕووی لە یەکێک لە فریشتەکان کرد، لێی پرسی کە چارەنووسی مێردەکەی چی بووە و ئێستا لە کوێیە، ئەویش وەڵامی دایەوە و پێی گوت، وەڵامێک کە خەریک بوو دڵی شەق بەرێت و لەو بەهەشتە پاکەدا لە سینگی بێتە دەرەوە.

دوای ئەوەی کە دزەکان هاوسەرەکەیان کوشت و ماڵەکەیان تاڵان کرد، ئەوا لەوێ ڕایانکرد و پیاوەکەیان بە نیوەگیانی جێهێشت، وایانزانی خۆی دەمرێت، بەڵام هەڵەبوون، هەر ئەم هەڵەیەش بوو بە هۆکاری مەرگی ئەوان. دوای ئەوەی کە برینەکانی سارێژ بوونەوە، ئەوا دەستی کرد بە ڕاونانی یەکە بە یەکەیان، یەک بە یەک هەمووانی کوشت و سەریانیان بڕی، بەڵام هەر لەوێ نەوەستا، ئەو ڕقەی لە دڵیدا بوو هێشتا خامۆش نەبووبۆوە، ڕقێک کە لە ئاکامی لەدەستدانی هاوسەرەکەی بۆی درووست بوو.

دوای ئەوەی کە تۆڵەی کردەوە، ئەوا دەستی کرد بە کوشتنی کەسانی تر، کەسانێک کە وەکو ئەو دزانە تاوانبار بوون، کەسانێک کە بەر تیغی شمشێری ئەو کەوتن و بە خراپترین شێوە ڕوحیان کێشرا. دوای چەندین ساڵ کە کاتی مەرگی هات، ئەوا ڕوحی ئەویش کێشرا، ئەو ڕوحەی کە بەرپرس بوو لە کوشتنی دەیەها کەس، ئەو ڕوحەی کە دەبوایە وەکو ئەوانی تر باجی خۆی وەرگرێت چونکە کوشتن شتێکی ساکار نییە کە چاوپۆشی لێ بکرێت، بە تایبەتیش لای خودا کە کوشتنی لەسەر هەموو نەفسێک حەرام کردووە.

دوای ئەوەی کە بە ڕاستی ڕووداوەکانی زانی، ئەوا داوای لە فریشتەکە کرد کە بیبات بۆ لای خودا، ویستی داوای لێ بکات کە لەو خۆش بێت و لە دۆزەخ دەری بێنێت، هەر ئەمەش ڕوویدا چونکە خودا بەزەیی بەودا هاتەوە و فەرمانی کرد کە بەرەو دۆزەخ بڕۆن تاکو ئەو لەوێ دەربێنن. فریشتەکە کە ئەمەی بیست، ئەوا بەدەم داواکارییەکە چوو و خۆی کرد بە ڕووناکی، دواتر ڕۆیشتە ناو ئافرەتەکە و بەرەو دۆزەخ بەڕێکەوتن.

ئافرەتەکە دەستی لەسەر سەری هاوسەرەکەی دانا، دواتر لێی نزیک بۆوە و سەری ماچ کرد.

"ئەوەی ڕوویدا لە دەسەڵاتی تۆدا نەبوو... هەستە سەر پێیەکانت ئازیزەکەم."

دەستی هاوسەرەکەی گرت تاکو هەڵیستێنێتە سەر پێیەکانی، ئەویش بەدەم ماچکردنی ئەو دەستە میهرەبانەی هەستا و هاوشانی ئەو وەستا.

"چیتر ئازار ناچێژیت، وەرە با بڕۆین."

پیاوەکە کە هێشتا فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە پرسی: بۆ... کوێ؟

**ئافرەتەکە زەردەخەنەیەکی میهرەبانی نواند و گوتی: بۆ شوێنێک کە من و تۆ بۆ هەتاهەتایە لە ژێر ڕەحمی خودادا بە ئاسوودەیی دەژین.**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا ڕۆشنایی فریشتەکە کە لەناویدا بوو زیادی کرد و هەردووکیانی بەرز کردەوە، بەرزکردنەوەیەک کە ئەوانی لە دۆزەخ بردە دەرەوە و بەرەو ئاسمانەکانی بەهەشتیان برد.**